# ئەویندارى و رۆژى جیهانیى خۆشەویستى لە روانگەى هاووڵاتییانەوە

رۆژی ١٤ی فێبریوەری،رۆژی جیهانیی خۆشەویستی، یان ڤالانتاین (Valentine›s Day)ـە و لەم رۆژەدا ئەویندارا‌ن لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بە گۆڕینەوەی گوڵ و شیرینی هەستی خۆیان بۆ یەکدی دەردەبڕن، چاوگ و سەرچاوەی ئەو رۆژە جیهانییە رای جۆراوجۆری لە سەرە، کە باوترینیان بۆ سەردەمی کلۆدیۆسی دووەم لە رۆمانیا دەگەڕێتەوە، کە هاوسەرگیریی سەربازەکانی قەدەغە کردبوو، بەڵام قەشەیەك بە ناوی ڤالانتاین (ڤالێنتەنیوس) بە نهێنی سەربازە رۆمییەکانی لەگەڵ کچە خۆشەویستەکانیان لێك مارە دەکرد، لە سەر ئەوەش لە سێدارە درا. ڤالانتاین وەك رۆژی جیهانیی خۆشەویستی و ئەویندارى وەك واقعێکی کۆمەڵایەتی، خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت. لە هەرێمی کوردستانیش هاوشێوەی وڵاتان، ئەم رۆژە بەشێوەی جیاجیا بەڕێدەکرێت و عاشقان روو لە دوکانەکانی گوڵفرۆشی دەکەن تاوەکو گوڵی سوور پێشکەش بەخۆشەویستەکانییان بکەن، گەنجێك رایوایە لە ئێستادا زۆربەی کوڕان لە خۆشەویستیدا راستگۆ نین و هەر بەو هۆیەشەوە زۆر کچانیان لە خشتە بردووە، چالاکێکی مافی ئافرەتانیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ژیان بە بێ خۆشەویستی هیچ مانایەکی نییە و ئەوە مافێکی رەوای هەر تاکێکە لە کۆمەڵگەی شارستانیدا و دەبێت رەچاو بکرێت.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



«دەکرێت نەك لە رۆژی ڤالانتاین، بەڵکو لە تێکڕای رۆژەکانی ساڵ خۆشەویستی و وەفاداری بە خۆشەویستی خۆمان ببەخشین، بەڵام مخابن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە چاولێکەرییەکی رووکەش یادی ئەو رۆژە دەکرێتەوە و لە پیرۆزیی ناوەڕۆکەکەی تێ ناگەن.» ئەوە قسەی نەریمان محەمەد بوو. ئەو وەك گەنجێك رایوایە: «گەنجان بە بێئەوەی لە مانای پیرۆزی خۆشەویستی و عەشق تێبگەن، لە تەمەنێکی نەگونجاو و بە رێگەیەکی ناتەندروست عاشق دەبن و لەبری ئەوەی بە عەقڵ بیربکەنەوە، بە دڵ بیردەکەنەوە، بۆیە زۆر جار هاوسەرگیرییەکە شکست دەخوات، چونکە ناتوانن شان بدەنە بەر بەرپرسیارێتی ژیانێکی هاوبەش».

ئاراس جەلال رۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنییە و بە دیدێکی رەخنەیی لە واتای خۆشەویستی لە کۆمەڵگەی کوردی دەڕوانێت و دەڵێت: «بە رای من شتێك نییە بەناوی خۆشەویستی، لە وڵاتی ئێمەدا زیاتر لە٩٠٪ی خوشەویستی بۆ مەرامی نەشیاو بەکاردێت، چونکە لەپەنای شتێك بەناوی خوشەویستی، پیاو زیانی زۆری بەئافرەت گەیاندووە».

نارین سەعید قوتابیی زانکۆیە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئێمەی خۆرهەڵاتی، هێشتا نامۆین بە جەستەی خۆمان و هێشتا کۆیلەی درۆکانی خۆمانین و تا ئێستاش بەندەی بۆماوەییەکانی رابردووین، بۆیە بەم رەنگدانەوە نەرێتییەوە، ناتوانین لە مانای خۆشەویستی وەك خۆی تێ بگەین. چونکە ئەوەی لە رووکەشدا دەیبینن، لە دەروونددا هەستمان پێینەکردووە، واتا ئەوەی بەچاودەیبینین، لەناخماندا بە مانا نەبووە».

نارین جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئەوەی وایکردووە، رەگەزێك زیاتر لەوەی بەرامبەر زەرەرمەندبێ، بەتەنیا هەر پیاو، یان ئافرەت نییە، کە ئەوەی بەرامبەری کردووەتە قوربانی، بەڵکو خودی ژینگە کۆمەڵایەتییەکە پشکو نەخشی هەرە لەپێشی خۆی هەیە.» گوتیشی: «بەبێ بنەما چەسپاوەکانی عەشق، پەڕینەوە بۆ خێزانداری، دۆزەخێکی نەبڕاوە و تاقەتپڕووکێن دەبێت. بێگومان، ئەو کۆمەڵگەیەی تاکەکانی ئازادنەبن، ناشتوانێت وەك یەکەیەك ئازادانە بجووڵێت، ئەوەتا کە ئازاو رەچەشکێنەکانن دواجار دەتوانن ئازادی بەدەستبهێنن و بیپارێزن وریزی لێبگرن».

رۆشنا فاتیح فەرمانبەرە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەگەڵ هاوسەرەکەی دوای ماوەیەکی زۆری ژیانی هاوسەری، هێشتا لەو پەڕی خۆشەویستیدا پێکەوە دەژین و هەر لەو بارەیەوە گوتی: «من خۆم هیچ کێشەیەکم لە بواری خۆشەویستی نییە، لەگەڵ هاوسەرەکەشم دوای پازدە ساڵ ژیانی هاوبەش، لە هەمیشە زیاتر ئەویینداری یەکترین، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زۆر بەداخەوە بەشێوەیەکی هەڵە لە بنەماکانی عەشق و خۆشەویستی تێگەیشتووین.هۆکاری هەڵەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێمەی کورد لەبنەڕەتدا لەسەر بنەمای باوکسالاری گەورەکراوین، ئەوە بۆخۆی وایکردووە، ئەگەر کوڕەکەمان عاشقبێت، ئەوا دایکوباوك بەشانازییەوە باسی دەکەن، ئەگەر کچەکانمان عاشقبن، ئەوە لەلایەن باوك و براکانەوە دوچاری هەڕەشەو ئەشکەنجەو ئازار دەبنەوە، هەتا هەندێ جار دەگاتە ئاستی کوشتن و زۆر کارەساتی دڵتەزێن». گوتیشی: «ئەگەر بەراستی هەر مرۆڤێك لە مانای خۆشەویستی تێبگات، هەرگیز ناتوانێت خۆشەویستەکەی ئازار بدات، ئەگەر تەنانەت لێکیش جیاببنەوە»،جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «دەکرێ هەموو رۆژێك بکەینە ٢/١٤ وەك رۆژی خۆشەویستی، دەکرێ هەموو رۆژێك بکەینە ڤالانتاین و هەردەم یەکمان خۆشبوێت، بۆیە مرۆڤەکان دەبێت هەردەم بەرامبەر بەخۆشەویستەکانیان بەوفا و پڕ لەسۆز بن، پێغەمبەر دروودی خوای لەسەربێت، دەفەرمێت. دەبێت هاوسەرەکانیەکیان خۆشبوێت و هاوکاریی یەکتری بکەن و ئەرکەکاندا بەشبکەن، بەڵام هێشتا لە کۆمەڵگەی کوردیدا باوکسالاری بەردەوامەو ئافرەت هەردەم دەبنە قوربانی ئەو عەشقە جوانەیان،کە پێویستە کچانیش وەك کوڕان دەرفەتیان هەبێ، بیر لە خۆشەویستیی پاك و بێگەرد بکەنەوە و لەسەر ئەو بنەمایەش بناغەی خێزان دابنێن».

نازدار عومەر، وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی لە دەستپێکی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە عەشق خۆی لەخۆیدا مانایەکی جوان بە ژیان دەبەخشێت و ئەوین هەستێکی راستگۆیانە لای تاك دروست دەکات. ئەوەشی لە ئەویندارییدا راستگۆ نەبێت، لە بنەڕەتدا لە عەشق و ئەوینداری تێنەگەیشتووە.» گوتیشی: «سرووشتی ئینسان وایە، لە قۆناغێك بە خەستی عاشق دەبێت، دواتر عەشقەکەی کاڵ دەبێتەوە، یان دەگۆڕێت، یان رەنگە بۆ هەتایە ئەو هەستە لەلای بمێنێتەوە، کێشە ئەوەیە عەشق لە وڵاتی ئێمە قەدەغەیەو وەك تاوان سەیری دەکەن، بۆیە باجەکەی قورس و گرانە و زۆرجار بەکۆتایی ژیانی کەسەکان و بەتایبەت ژنان کۆتایی دێت». زۆریشن ئەو چیرۆکانەی کە دوو کەس عاشق بوون و بەیەك نەگەیشتن، چ بەهۆی بە زۆرەملێ بەشوودانی کچەکە، یان ژنهێنان بۆکوڕەکە، بەڵام یەکێك لە سیفەتەکانی کۆمەڵگەی ئینسانی و شارستانی ئەوەیە عەشق بگەڕێتەوە بۆخاوەنەکەی و بەبێ هیچ قەیدی و بەندێکی کۆمەڵایەتی ئینسانەکان عاشقبن، لە رۆژی ڤالانتاینیش وەك رۆژی جیهانیی خۆشەویستی پێویستە خۆشەویستییەکان نوێ بکرێنەوەو پەیمانەکان دووبارە ببنەوەو خۆشەویستان و عاشقان و بەتایبەتی هاوسەران وابکەن هەموو رۆژێکی ژیانیان ڤالانتاین بێت».

**دەکرێت لە تێکڕای رۆژەکانی ساڵ خۆشەویستی و وەفاداری بە خۆشەویستی خۆمان ببەخشین، بەڵام مخابن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە چاولێکەرییەکی رووکەش یادی رۆژی خۆشەویستی دەکرێتەوە و لە پیرۆزیی ناوەرۆکەکەی تێ ناگەن**


**ئێمە هێشتا کۆیلەی درۆکانی خۆمانین و تا ئێستاش بەندەی بۆماوەییەکانی رابردووین، بۆیە بەم رەنگدانەوە نەرێتییەوە، ناتوانین لە مانای خۆشەویستی وەک خۆی تێ بگەین**

**من هیچ کێشەیەکم لە بواری خۆشەویستی نییە، لەگەڵ هاوسەرەکەشم دوای پازدە ساڵ ژیانی هاوبەش، لە هەمیشە زیاتر ئەویینداری یەکترین**

# دڵنەواییکردنی قوتابییان لەکاتی وەرگرتنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان بە پێویست دەزاندرێت

قوتابییان لە تەمەنی مێرمنداڵیدا زۆر هەستیاران و بەپێی چاوگەکانی دەروونناسی، پێویستە باوان لەو سەردەمە هەستیارەدا زیاتر ئاگاداری منداڵی خۆیان بن. لە بەر ئەوەی هێشتا عەقڵیان کامڵ نەبووە و لەوانەیە بە بڕیارێکی هەڵە، هەڵە، یان تاوانێك بکەن، کە قەربووکردنەوەی زۆر دژوار بێت، بەتایبەتی خۆکوشتن، کە قەرەبووکردنەوەی دەچێتە خانەی «مەحاڵ»ـەوە. هەندێ لە دایك و باوکانیش لە بواری ئەنجامەکانی خوێندنی منداڵی خۆیان، زۆر زێدەڕەویی دەکەن و هەندێ جاریش ئەو سەختگیری و تەنگەتاوکردنانە کارەساتی لێ دەکەوێتەوە. لەم راپۆرتەی گوڵان-دا نموونەیەك دەخەینە بەر باس و شرۆڤەی زیاتری لە سەر دەکرێت.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



«بەهۆی دەرنەچوونی لە خوێندن مێرمنداڵێك بە گوللە خۆی کوشت.» سەرلەبەیانیی رۆژی سێشەممە ٢٨-١-٢٠٢٠ لە گەڕەکی جووتیارانی قەزای کەلار، مێرمنداڵێك بەناوی (ن. و. ح) لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٥ لە ماڵی خۆیان فیشەکی بە خۆیەوە نا و بەو هۆیەوە گیانی لەدەست دا. بە گوتەی کەسوکاری ئەو قوتابییە، لە پۆلی حەوت بووە و بە هۆی دەرنەچوونی لە خوێندن خۆی کوشتووە. پۆلیسیش ئاماژە بەوە دەکات کە تەرمی ئەو مێرمنداڵە بە مەبەستی پشکنین نێردراوەتە پزیشکی دادوەری لە کەلار و پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە لەسەر هۆکاری خۆکوشتنەکەی کردووە. بێگومان هەندێ لە دایك و باوکان لە بواری ئەنجامەکانی خوێندنی منداڵی خۆیان، زۆر زێدەڕەویی دەکەن و هەندێ جاریش ئەو سەختگیری و تەنگەتاوکردنانە کارەساتی لێ دەکەوێتەوە، کە نموونەی زیندووی ئەم رووداوە دڵتەزێنەیە، هەر بۆیە دڵنەواییکردنی قوتابییان لەکاتی وەرگرتنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانیان زۆر بە پێویست دەزاندرێت.

لەمبارەیەوە مامۆستا و سەرپەرشتیاری کارگێڕی رووناك شێخ سدیق، رایوایە: « دەبێت منداڵ هان بدەین بۆ ئەوەی رێگای سەرکەوتن و قەرەبووکردنەوەی کەمتەرخەمییەکانی بدۆزێتەوە، نەك هیوابڕی بکەین.» هاوکات دەڵێت: «هۆکارەکانی پەنابردنی مێرمنداڵان بۆ خۆکوشتن زۆرن، لەوانە: خەفەتی گەورە، وەك مردنی کەسی یەکەم، (دایك، باوك، خوشك و برا) کە زۆر خۆشەویستن. هەستکردن بە بێ هیوایی و دابڕان لە کۆمەڵگە، هەروەها رووبەڕووبوونەوەی کێشەی یاسایی، وەرگرتنی زۆری مادده هۆشبەرەکان، دابڕان لە کۆمەڵگە و تێکەڵنەبوون لەگەڵ خەڵکدا، شکستهێنان لە خۆشەویستی، کێشەی کۆمەڵایەتی و کەمیی رۆشنبیری و تووشبوون بە کێشەی بەدڕەوشتی و زۆر هۆکاری دیکە، کە دەرنەچوون لە خوێندن و لۆمەی خێزانیش یەکێکە لەو هۆکارانە و پێویستە هەر هەموویان لە بەر چاو بگرین.» گوتیشی: «پێویستە لە ئەگەری هەر یەك لەو خاڵانەی ئاژەمان پێ کرد، چارەسەری سەرەتایی بۆ بکرێت، وەك چارەسەرکردنی لای پزیشکی دەروونی، یان دەرونناسێك، هەروەها زۆر پێویستە بە هەر رێگەیەك بێت، تێکەڵاوی کۆمەڵگە بکرێتەوە، لە بری سزادان و لۆمە و سەرزنشکردنی پێویستە بە بەخشین کار بۆ گەڕانەوەی هیواکانی بکەین.»

پاوان کۆیی توێژەری دەروونییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «خۆکوشتن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لە ناوکۆمەڵگەی ئیمەشدا بە هۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە ساڵ لە دوای ساڵ رووی لە زیادبوونە، بەتایبەتی لەناو قوتابییان، کە بووەتە دیاردەیەك و مخابن لە کۆتایی ساڵی خوێندندا هەندێك رووداوی خۆکوشتن روودەدات، ئەمەش بە هۆی وەرگرتنەوەی نمرەی کەمی خوێندن، کە وادەکات باری دەروونیی خوێندکار تێك بچێت و تووشی خەمۆکیرو شڵەژانی دەروونی بێت. گەڵی هۆکاریشی هەیە، لەوانە: خراپیی ئاستی رۆشنبیری خێزانەکانیان، کەوا بەردەوام زەرزەنشتیان دەکەن و قسەیان پێ دەڵێن و سووکایەتییان پێ دەکەن، کەوا دەرنەچوون لە خوێندن، یان برادەرەکانیان گاڵتەیان پێ دەکەن، یان هەندێ جار مامۆستایان جیاوازی دەکەن لە نێوان قوتابییانیان، یان تەریقیان دەکەنەوە، کەوا دەرنەچوون، یان هەڕەشەی کەوتنیان لێ دەکەن و نمرەی کەمیان دەدەنێ، قوتابیی نەوجەوان و هەرزەکاریش رەنگە لە کاتی وادا بڕیاری بەپەلە و هەڵە بدات، کە پەنا بۆ خۆکوشتن ببات، بەڵام لە هەموو کێشەیەکدا هۆکار هەیە، کە هۆکاریش هەبوو، دەبێت چارەسەر هەبێت، بۆیە پێویستە هەموو کات دایك و باوکان پاڵپشتی منداڵی خۆیان بن و، ئارامیی دەروونی منداڵی خۆیان بپارێزن، قوتابییەك ئەگەر لە خوێندن دەرنەچوو، نابێ بێ ئومێدی بکەین، چۆن دەرچوون هەیە، دەرنەچوونش هەیە، دەبێت بە دڵێکی گەورەوە وەری بگرین.»

مامۆستا و رۆژنامەنووس سەمیر هەمزە، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ساڵانە بەتایبەت لە کۆتایی وەرزی یەکەم و دووەم، کاتێك ئەنجامی وەرزەکان دەدرێتەوە بە قوتابییان، دیاردەیەکی نەخوازراو بەدی دەکرێت، کە چەند لقێکی لێ دەبێتەوە، ئەویش ئازاردانی ئەو قوتابییانەیە کە ئاستیان لاوازە، چ لە رووی دەروونی، یان جەستەیی، بەشێکیان لەلایەن هاوپۆلەکانیانەوە ئازاری دەروونی دەدرێن و پێیان دەوترێ تەمبەڵ، بەشێکیان لە ماڵەوە ئازاری دەروونی و تەنانەت جەستەیی دەدرێن، ئەمەش زۆرجار کارەساتی لێ دەکەوێتەوە، کە چەندین جاریش بینراوە قوتابی پەنای بۆ خۆکوشتن بردووە.» هاوکات دەڵێت: «زۆر گرنگە لەمەودوا لە کاتی پێدانەوەی ئەنجامی کۆتایی وەرزەکان بە قوتابییان، مامۆستایان ئامۆژگاریی قوتابییان بکەن و هۆشیاریان بکەنەوە کە بە هیچ جۆرێك پەنا نەبەنە بەر هیچ خۆئازاردانێك، زۆریش پێویستە لەکاتی کۆبوونەوەی دایك و باوکانی لە قوتابخانە هۆشیار بکرێنەوە کە بە هیچ جۆرێك لەسەر دەرنەچوون، ئازاری دەروونی و جەستەیی منداڵەکانیان نەدەن، بۆ ئەوەی کارەساتی نەخوازراوی لێ نەکەوێتەوە.»

**هەندێ جار مامۆستایان جیاوازی دەکەن لە نێوان قوتابییانیان، یان تەریقیان دەکەنەوە، کەوا دەرنەچوون، یان هەڕەشەی کەوتنیان لێ دەکەن و نمرەی کەمیان دەدەنێ، قوتابیی نەوجەوان و هەرزەکاریش رەنگە لە کاتی وادا بڕیاری بەپەلە و هەڵە بدات**

**لە هەموو کێشەیەکدا هۆکار هەیە، کە هۆکاریش هەبوو، دەبێت چارەسەر هەبێت، بۆیە پێویستە هەموو کات دایک و باوکان پاڵپشتی منداڵی خۆیان بن و، ئارامیی دەروونی منداڵی خۆیان بپارێزن**

**قوتابییەک ئەگەر لە خوێندن دەرنەچوو، نابێ بێ ئومێدی بکەین، چۆن دەرچوون هەیە، دەرنەچوونش هەیە، دەبێت بە دڵێکی گەورەوە وەری بگرین**

# ئافرەتێک لە ئاگری قەدەردا چارەنووسی دەسووتێت

## ”چارەنووسم رەش بوو، بەڵام هەرگیز ورەم دانەبەزیوە“



ئافرەتێكی گەنم رەنگ و بەژن بەرز و چاو بە كل، لە ماڵەكەی خۆیدا پێشوازی لە پەیامنێری گوڵان دەكات، هەتا وەك پێشتر رێككەوتبوون، بەسەرهاتی خۆی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان بگێڕێتەوە. ناوی تەوای پارێزراوە و لە سەر داوای خۆی بە «شلێر» ناوی دەهێنین. وەك خۆی باسیكرد، تەمەنی هێشتا ٥٠ ساڵی پڕ نەكردووەتەوە، بەڵام نەهامەتیی زۆری چەشتووە، لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ كۆسپەكانی بەردەم ژیانیدا دەست و پەنجە نەرم دەكات و ورەی دانەبەزیوە. جیران و دەستەخۆشكەكانی دەڵێن خاتوونێكی دەسترەنگین و كابان و قسەخوش و فیداكار و میهرەبانە، خۆیشی سەرەڕای ئەو هەموو بیرەوەرییە تاڵانەی ژیانی رابردووی كە تا ئێستاش گیرۆدەیەتی، بزە لە سەر لێوی نەتۆراوە و بە چاوی هیوا لە رۆژانی داهاتووی دەڕوانێت. شلێر بەمجۆرە بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە: «هێشتا تەمەنم زۆر كەم بوو، تازە خۆم ناسیبوو، هەر نەگەیشتبوومە تەمەنی ١٥ ساڵان بۆ براكەم ژن بە ژنەم پێكرا، ئەوكات پیاوەكەم عەسكەر بوو، گەرمەی شەڕی نێوان عێراق و ئێران بوو، دوای چوار مانگ لە شووكردنم، مێردم بەدیل گیرا، منیش چوومەوە ماڵی باوكم و چاوەڕێی گەڕانەوەی بووم، چەندین ساڵ تێپەڕی، یەك دەیگوت زیندووە و یەك دەیگوت كوژراوە، منیش هەر دەست بە دوعا بووم، نزا و پاڕانەوەم لە خوای گەورە، وایكرد، دوای تەواوبوونی شەڕی عێراق و ئێران دیلی هەردوولا گۆڕدرانەوە، پیاوەكەی منیش هاتەوە، بەڵام كەسێكی تەواو جیاواز بوو، هیچی لە مێردەكەی خۆم نەدەچوو، جەستەی زەرد و لاواز و وەزعی نەفسیشی زۆر خراپ ببوو، قسەی لەگەڵ كەس نەدەكرد، تەنیا جگەرەی دەكێشا و شەو

**ئافرەتێك پەردە لە سەر ژیانی رابردووی هەڵدەداتەوە و سەرەڕای ئەوەی خۆی بە قوربانییەکی دەستی دیاردەی ژن بە ژنێ دەزانێت، لە سۆزی دایکایەتیش بێبەش بووە، چەندین ساڵیش لە چاوەڕوانییەکی تاقەتپڕووکێندا ژیاوە و دوای ئەوەی بە هاوسەرەکەی شاد بووەتەوە، کێشەکانی دژوارتر و بێ چارەسەر ماونەتەوە. ئەو بەسەرهاتە لە سەر زاری خۆیەوە دەگێڕینەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



تابەیانی دادەنیشت و بیری دەکردەوە، ژیانم لەگەڵی زۆر زۆر ناخۆش بوو،هیچ تێکەڵییەکی ژن و مێردایەتی لەگەڵم نەبوو، تەنانەت دووجار هەوڵی خۆسووتاندنی دا، ئێستاش بەشێکی جەستەی ئاسەواری سووتانی پێوە دیارە، لەگەڵ ئەوەشدا دڵم نەهاتووە بەجێی بێڵم، لەلایەکی دیکەش نامەوێ ژیانی براکەشم تێك بدەم، براژنەکەم پێنج منداڵی جوانی هەیە، هەرگیز ئامادە نیم منداڵەکان لە نازی دایك و باوکیان بێبەش بکەم، دیارە قەدەری من و بەشی من لە دنیایێ هەر ئەوەندەبووە، خەسووم دەزانێ کوڕەکەی وەزعی خراپە و سەرەڕای ئەوەش هەمیشە هەڕەشەی ئەوە دەکات، ئەگەر من لای مێردەکەم دانەنیشم، ئەوانیش کچی خۆیان دەبەنەوە، بەڵام برام و براژنم هیچ کێشەیان نییە، زۆریش لەگەڵ یەك ئاسوودەن و خێزانێکی باش و دڵخۆشن، هەر بۆیە خۆم بڕیارم داوە، تا ماوم پارێزگاری لەو خێزانە بەختەوەرە بکەم. خۆ من فەوتام، با ئەوان ژیانیان تێك نەچێت. مێردەکەم بە تەواوی گۆشەگیر و خەمۆك بووە. باری دەروونیی هیچ باش نییە، دکتۆریش نەماوە نەیبەین بۆ لای، برام هەبوونە و ئاگای لێمانە، ماڵی خەزووریشم دریغیمان لێ ناکەن، ئەگەرچی گومانم نییە ئاواتی دایکایەتی لەگەڵ خۆم دەبەمە ژێر خاك، بەڵام نائومێد نیم و سۆزی دایکایەتیم بە منداڵەکانی براکەم بەخشیوە. بەڕاستی چارەنووسم رەش بوو، بەڵام هەرگیز ورەم دانەبەزیوە. لەگەڵ دەستە خوشکەکانم زۆر دڵخۆشم و هەر نوکتەیان بۆ دەکەم و گاڵتە و گەپمان هەیە، زۆر جار پێم دەڵێن تۆ حەوت پەراسووت لە ئۆمەتی محەمەد زیاترە، ئەی چی بکەم؟ بەشی من ئەوە بووە و بە قسمەتی خوای گەورە رازیم. هەمیشە نزا دەکەم خوا شیفای مێردم بدات، ئەگەرچی رەنگە ئەو هەر منیش نەناسێتەوە.»